# دةنـــط ... مةنسوور عةزيزي

لەوەتەی بووە بە كێش
تا گۆڕینی هەناسەكانی
پاشایەك
بە هاوارا تێدەپەڕێ و
روو لە بزەی سەر لێوی شۆخە نوقڵ دەمێك
دەكا و
دەبێ بە قڵپەی گریانی دایكێك و
دەبێ بە ئاوێنە بەڵا، ئاشتی.. .
دەنگ لە گەڵ پێستدا بۆ رەنگی خۆی دەگەڕێت و
بە تاریكە كوچەی سۆزا
خۆی دەگەیەنێتە سنووری
هزر!
دەنگ لەو رۆژەدا لە دایك بوو كە بێدەنگی بوو بە
دەسەڵات!
دەنگ سۆقراتی تینوو بە"شەوگەران"كرد و
"مهاتما"شی
گەیاندە لووتكە!
لە هەرێمی دەنگی منا
بەفر بۆ لووتكە زایەڵەی سۆز دادەنێت و
كانی نزای
پۆلە ئەڤینداارانی دەڤەری
ترس
گرتوویەتی !

دەنگ.. . دەنگ.. . دەنگ
دەنگ لە زاری منەوە
دەنگ لە زاری تاكێكی پاشاگەردان و
دەنگ لە نووسراوەی سەر رۆژنامەیەك !
دەنگ بۆ دەسەڵات
دەنگ بۆ ژین
دەنگ بۆ مردن
دەنگ لە مرۆڤدا ئەزێ و
دەنگ
مرۆڤ
ئەخاتە بێدەنگی!
دەنگ تا بێكۆتایی دەڕوا و هەر هەر ئێستا و
راست، ئا.. . ئالێرەشدا
مردووە!
دەنگ لە ژێ و سنووری سۆزی
دەربڕینا
لەنگری گرت و بە باڵی رەشی پەڕەسیلكەیەكدا
خۆی گەیاندە دەڤەری
'مان'
دوێنی لە دایك بوو
ئەمڕۆ مرد
سبەینێ لە داوای ساوایەكی برسی، بۆ شیر،
جارێكی دیكە
سەرهەڵئەدا
دەنگ.. .

2004 .12 .11